

# خۆر لە ناو پەرداخێكی شكاودا



قوبادی جەلی زادە

ـ ی ـ

بەر لە ئاوابوون ...
خۆر ،
نارنجێك پاگژ دەكات و
پەلكەكانی  فڕێ دەداتە،
لێواری تاریكییەوە!

ـ ه ـ

باخ،
تیشکە شکاوەکانی خۆرئاوابوون،
دەکاتە بەلەمێکی نارنجی و
پێی دەپەڕێتەوە
بەر سێبەرێ!

ـ ر ـ

خۆر،
بێ ئەوەی گۆچانێکمان
لە حەیزەرانی رووناکی بداتێ،
ئاودیو بوو!!

ـ ێ ـ

هەوڵ دەدەم پرچی نیگەرانیی خۆر
بە قردێلەی ئارامیی پەپوولەیەک ،
گرێ بدەم.

ـ ڤ ـ

هەوڵ دەدەم چلێك رووناکی،
لە لقی خۆر بکەمەوەو
بیخەمە بەر،
پەنجەرەی شەو!

ـ ا ـ

هەوڵ دەدەم..
خۆری گەرمابردووی هاوینە،
قایل کەم،
بێتە ژێر سێبەری کەپرێك!

ـ ن ـ

خۆر،
لەناو پەرداخیکی شکاودا..
ـ بە چلێك تریفە ـ
قژی هەڵرژاوی،
خڕدەکاتەوە!